# دەوڵەتی کوردستان کۆمارێکی فیدراڵی و مەدەنی و فرەئایین و نەتەوە دەبێت



**کوردستان نموونەی گەشی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانە لە ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئاسیاو لە داهاتووی نزیکدا دەبێتە خاوەن سەروەریی زیاتر بە دامەزرانی سیستەمێکی کۆماری و فیدراڵی و مەدەنی، وەرچەرخانی گەورە لە ناوچەکە دروست دەکات، کە لەو دەوڵەتدارییەدا خەڵك باڵادەست دەبێت، لە دێرزەمانیشەوە کوردستانییان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بە برایەتی و ئاشتی و پێکەوە ژیاون و سەدان ساڵیشە غەدر و ستەمیان لێ کراوە، بۆیە ئیرادەیەکی گشتی هەیە بۆ ئەوەی لە ژێردەستی ڕزگاریان بێت و کیانێکی شکۆمەند و سەربەخۆ بونیاد بنێن. هەر لەم ڕووەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کوردستان ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

## عیماد کەرکوکی:

### بەڵێ ریفراندۆم بووە هەوێنی یەکڕیزی و سەربەخۆیی کوردستان



سەرەتا خەڵك دەترسا لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەڵام بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم، چەند جارێك لەگەڵ خەڵك و لایەنەکان و لەگەڵ زۆربەی سەندیکاکان و پیاوانی ئایینی و کەمە نەتەوەکان کۆبوونەوەیان کرد بۆ ئەوەی خەڵك تێبگەیەنێت بۆچی ریفراندۆم دەکەین و بۆچی هەڵبژاردن دەکەین و بۆچی داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەکەین، جەنابی سەرۆك خەڵکی هوشیار کردەوە لەوەی کە سەربەخۆیی چەند سوودی بۆ کوردستانییان دەبێت، کاتێك نەتەوەیەکی وەك کورد ریفراندۆمی کرد، بەوە گەلانی دنیاش تێگەیشتن کە دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێت و دەمانەوێ هاووڵاتی پلە یەك بین. سەرۆك بارزانی چەندین جار لە ئاستی باڵای جیهانی لەگەڵ سەرۆك دەوڵەتەکان دانیشتنی کرد و باسی دەوڵەتی کوردی کردو ئاگاداری کردنەوە، ئێستاش کە (٢٥-٩) ریفراندۆم کراوە، هەندێ لە دەوڵەتان پشتگیرمانن و بەشێکی دیکەشیان دژمان، بەڵام سەرۆك بارزانی سەروەریی میللەتەکەی بۆی گرینگەو ئەوەش داواکاری گەل زۆربەی حزبە کوردستانییەکانە کە ریفراندۆم ببێتە هەوێنی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان. دواتریش ریفراندۆممان کرد و هەموو خەڵك پشتگیری لێ کرد و بووە هەوێنی سەربەخۆیی کوردستان، دەستخۆشی لە گەلی کوردم دەکەم، چونکە دەنگی بەڵێ سەرکەوت و داهاتوومان دەوڵەتێکە سەروەریمان پێ دەبەخشێت.

## شوکریە کوردستانی:

### خاوەن دەوڵەت بوون وەکو پاسپۆرتێکە لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی



کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتێکی دیموکرات و سیکۆلار بێت، یەکەم جار دەبێت دەستوورێکی دیموکراتی هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم هەنگاو ڕزگاربوونە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق، کە سنووری بۆ یاسا دەستوورییەکانی هەرێمەکانی داناوە. بۆیە سەربەخۆیی هەنگاوەکی گرینگە بو سەروەری یاسایی. بۆ نموونە ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاون دەستوورێکی پتەو بێت، ئەوا تۆپبارانکردنی سنوورەکان لەلایەن ئێران و تورکیا بە شێوازەکی یاسایی وەڵام دەدرێتەوە و هەروەها پشتگیری نێودەوڵەتی وەردەگرێت بۆ پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەی بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنەکان.

لە چوارچێوەی دەوڵەت تاکی کوردستانی مافی فراوانتر دەبێت، بۆیە گەرەنتی ژیانی دەبێت. بۆ نموونە ئەوەی لە شەڕی داعش دژ بە کوردانی ئێزیدی کرا، بە هۆی ئەوە بوو کە بەشێك بوون لە عێراق، هیچ هەوڵێکی بۆ پاراستنیان نەدرا، بەڵام ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوایە، بە دڵنیاییەوە ئەم سەربەخۆییە دەبووە هۆی بەهێزبوونی لە ڕووی سەربازی، بۆیە بە توانای سەربازیی باش دەسەڵاتی زیاتری دەبوو بۆ پاراستنی ئێزێدی و شەبەك و مەسیحییەکان لە شەڕی داعەش. کە دواتریش ئەم توانایەی بە دەستهێنا، بە هۆی ئەوە بوو کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەکان یارمەتی ڕاستەوخۆی کوردستانیان دا، ئەوە و فیداکاری پێشمەرگە وایکرد، پووچەڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش لە سەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە تۆمار بکرێت. کە واتە ئەگەر کیانێکی سەربەخۆی کوردستانی هەبا، پێویستی نەدەکرد کوردستان چاوەڕێی یارمەتی سەربازی لە بەغدا بکات، یان هێزەکانی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدانی سەربازی بگەڕێنەوە بو بەغدا و داوای موڵەت بکەن بو یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە. پێشکەوتنی ئابووری لە ڕێگای گرێبەستەکان و هاوردەو هەناردەکردنی بەرهەممان دەکرێت. گەرەنتی هەبوونی ئاڵوگۆڕی ئابوری هەبوونی ناسنامەیەکی نێودەوڵەتییە. بۆیە دەوڵەت بوون وەکو پاسپۆرتێکە کە لە ئاستی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی بەها و دەرفەت دەداتە وڵات کە بۆ پێشوەچوونی ئابووری کار بکات.



فەرهاد شەوکەت شێخ یەزدین:

## کوردستان دەبێتە بەشێک لە جیهانی ئازاد و سەربەست و مودێرن

یەکێك لەو پێوەرانەی کە مرۆڤ پێی بەرزدەبێتەوە، بوونی ئازادی و دیموکراتیەتە لەچوارچێوەی خاك و سنوورێکدا کە دەوڵەتدارییی شایستەی هەبێت، ئەو کات هاووڵاتی دەتوانێت لەو پێگەی کە گێتی و مرۆڤایەتی بۆی دارِشتووە، بەپێی زمان و کەلتوور و مێژووی هاوبەش بە ئاسوودەیی بژی، ئەوەش بۆ تەواوی مرۆڤایەتی سوودبەخشەو هۆکاری سەقامگیری زیاتریش دەبێت. لە دنیا ٢٣٠ دەوڵەتی فەرمی دانپێدانراو هەن، کە ئاڵایان لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان شەکاوەو هەڵکراوەیە، ئەم دەوڵەتانە لە رووی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئەمنی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کە ساڵانە ئیمزا دەکرێت، سنووریان پارێزراوە لەهەموو هەڕەشەیەك، لەکاتی بوونی هەر قەیرانێك ئەم ٢٣٠ وڵاتەی سەرانسەری دنیا دەتوانن بەهانای بچن و یارمەتی سەربازی و ئابووری و سیاسی بدەن. کەوایە بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە ماوەی ١٠٠ ساڵە لە رووی سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەقورسترین شێوە سزا دراوە، ئەمرِۆ کاتیەتی ئەو کۆت و زنجرانە بپچرِێنیَ و خۆی بخزێنێتە نێو جیهانی ئازادو سەربەست و مودێرن. ئەمرِۆ رۆژ رۆژی نەتەوەی کوردە، دەوڵەتێك خەریکە دەربکەوێت لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەرِاست، وڵاتێك بە کۆمەڵێك ئازارەوە، بە کۆمەڵێك شەهید و قوربانییەوە، بە ئەنفال و کیمیابارانەوە، دەیەوێت هەڵبستێت و ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی مرۆڤایەتی لە دونیا، رۆژ رۆژی نەتەوەی کوردە، پێویستە یەکبگرین و یەکهەڵوێست بین، چونکە دەرفەتێکە و دووبارە بوونەوەی بۆ نییە. ■



توفیق رەحمان مەنتك- شارەزا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کەنەدا:

## تاکە جیاوازییەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی تر لە پێش ٢٥ی ئەیلوول نەبوونی سەروەری بوو

ئەنجامی ریفرِاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بە رێژەی زیاتر لە سەدا ٩٢ ئەوەمان بۆ دەخوێنێتەوە کە گەلی کوردستان بەبیَ جیاوازی یەك هەڵوێستی هەیە لەسەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان، ئەوەشی کە روویدا تەنیا یەکەم هەنگاوی دەستپێکی رۆیشتن بەرەو بەدەستهێنانی سەروەرییە کە خۆی لە سەربەخۆییدا دەبینێتەوە. زۆر لە وڵاتان ئێستا تەنیا بەهۆی بوونی سەروەری لەسەر نەخشەی جیهان و لە پرسە نێودەوڵەتییەکان و هاوکێشەکان رۆڵی خۆیان دەگێرِن. تاکە جیاوازییەك لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی تر لە پێش ٢٥ی ئەیلوول نەبوونی سەروەری بوو. هاوکات ئەوەی ئێستا کە بەغدا لە پەرلەمانی عێراق هەنگاوی بۆ دەنێت و دەیەوێت لەگەڵ وڵاتانی ناوچە گەمەی سیاسی لەسەر بکات، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەن سەروەریی خۆی، یەکەم بریاریشیان لەو بوارە قەدەغەکردنی گەشتە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان بۆ فرِۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بوو کە بە تەواوی پێشێلکردنی سەروەریی هەرێمی کوردستانە. ئێستا ئێمە لە قۆناغی دوای ریفراندۆمین و چەند خاڵێك هەیە کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاری لەسەر بکات.یەکەم: کەناڵی تایبەت لەگەڵ وڵاتانی دراوسیَ و ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەوروپا دروست بکرێت، بەتایبەتی بۆ خستنەرِووی نەخشەرِێگای کوردستان بۆ داهاتوو، هەروەها ئەو برِیار و هەنگاوانەی کە حکومەتی عێراقی دەیەوێت ئەنجامی بدات دژی تەواوی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی سزادانی بەکۆمەڵ. دووەم: بایەخدان رۆڵی رەوەندی کوردستانی لە دەرەوە بەتایبەتی لە ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەویش بۆ فشارخستنە سەر ئەو وڵاتانە کە هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بە بەغدا و ئەو کارانەی دەیەوێت ئەنجامی بدات و رووی راستەقینەی حکومەتێکی تایفەگەرا ئاشکرا بکەن کە سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتییانە بووە کە رووبەرِووی گەلی کوردستان بۆتەوە و بیسەلمێنن کە ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدا حوکم دەکات، هەرگیز نەگۆرِاوە. ■

ریباز زیوەر مستەفا:

## کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی نموونە لەناوچەکەو سوودیشی بۆ وڵاتانی دەوروبەری دەبێت



سەربەخۆیی کۆمەڵگەو دروستبوونی دەوڵەت مافێکی رەوای ئەو میللەتانەن کە لە رووی جوگرافی و ستراتیژی ناوچەکەیان لەبارە بۆ ئەم هەنگاوە مەزنە، هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو ناوچانەی کە ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتیکی بەهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەرِاست کە شوێنی سەرجەم پێکهاتەکانی تیا دەبێتەوە و رۆڵیکی گرنکی ئابووری و سیاسی و بازرگانی دەبینێت لەناوچەکەدا، سەرەرِای ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە بە هۆی ئەوەی کوردستان ئەزموونێکی باشی لەو بوارە هەیە. حوکمرِانی چەندین ساڵەی کوردستان شاهێدی ئەو راستییەن کە کوردستان بووتە هۆی ئارامی لە ناوچەکەو شوێنی حەوانەوەی لێقەوماوان و پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکا بووە کە نموونەیەکی جوانی لەو بوارەدا پێشکەش کردووەو لەکاتی سەربەخۆیی و دەوڵەتیش دەبیتە دەوڵەتێکی نموونەیی لەناوچەکە و سوودیش دەبێت بۆ وڵاتانی دەوروبەری، جگە لەوەش سەربەخۆیی و دەوڵەت رێگرە لە دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان کە بەسەر کوردستانییان هاتووەو هەروەها دەرچەیەکی گرنگیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکان و پاراستنی کوردستان بەپیَ یاساکانی نێودەوڵەتی کە لەکاتی بوونی بە دەوڵەت دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان یاسا نێودەوڵەتییەکانی بەسەردا جێبەجیَ دەکرێت و بە هەمان شێوەش مافی دەپارێزرێت بەپێی ئەم یاسایانە و خاوەن سەروەری خۆی دەبێت لە رووی خاك و ئاو و ئاسمانی خۆیەوە، بۆیە سەربەخۆیی و دەوڵەت رۆڵێکی گرنگیان بۆ کوردستانییان هەیە. ■



# گرانترین کتریی قاوە

قاوە، خواردنەوەیەکی کۆن و بەچێژە، تا ئێستاش خواردنەوەیەکی گرنگە لەلای زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، تەنانەت لەلای پاشا و خەڵکە ئاستە بەرزەکان قاوە لە نێو کتریی گرانبەها و بە نرخ دادەنرێت، بە مانای بە نرخترکردنی قاوەکە، هەر بۆیە کتریی قاوە ئامادەکردن و تێکردنی زۆربەی شوێنە گرنگەکان لە زێڕ و ئەڵماس دروست دەکرێن، وەك ئەو کترییە کە بە گرانترین کتریی قاوە دادەنرێ، ئەو کترییە لە زێڕی عەیار (٢٤) دروست کراوە، هەروەها لە پێکهاتەی کترییەکەدا وردە کریستاڵ و بەردی بەنرخی تیادا بەکارهێنراوە، نرخی ئەو کترییە دەگاتە (١٨) هەزار دۆلار، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٠٠)، هەر بۆیە وەستا و کەرەستەسازان بەردەوامن لە دروستکردنی ئەو جۆرە کترییە، مانگی جارێك (٨) کتری لەم جۆرە دروست دەکرێت، دروستکردنی هەر کترییەکی لەم جۆرە (٥٠) کاتژمێری دەوێت، هەر کەسێك داوای ئەو جۆرە کترییە بکات، ناوی خۆی و خانەوادەکەی بە هەڵکوڵینی لەسەر لێواری کترییەکە دەنووسرێت.





# داپیرەی نمایشکاری جلوبەرگ

گرنگی بە خۆدان و خۆ جوانکردن، خووییێکی منداڵی و خۆڕسکە، هەموو کەسێك دەیەوێت شێوە و جەستەیەکی جوانی هەبێت، تەنانەت کە دەکەوینە نێو تەمەنیشەوە حەز دەکەین دڵ و هەستمان گەنج بێت، نموونە بۆ ئەو قسانەی سەرەوە، ئەو ئافرەتە ئەمریکییەیە، کە جگە لەوەی مامۆستای زانکۆیە، هەروەها ئێستا کاری نمایشکاری جلوبەرگیش دەکات، ئەو مامۆستایە ناوی (لین سلاتەر)ە، تەمەنی (٦٣) ساڵە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی فۆردهام وەرگرتووەو هەر لەوێش وانە دەڵێتەوە. لەو تەمەنەوە حەزی بە کاری نمایشی جلە، هەر بۆیە دەستی بەو کارە کردووە و ڕۆژانە دەیان وێنەی جۆراوجۆر بە جلی تازەوە دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە، وێڕای ئەوەی کەسانی دەوروبەری دژی ئەو کارەی بوون، کەچی بەردەوامە لە نمایشەکانی، ئێستا بۆتە نمایشکارێکی جلوبەرگ لە بواری نمایش و جوانی، وەك خۆی دەڵێ: جگە لە کاری زانکۆم، ماوەیەکم بۆ ئەو کارەم داناوە، چونکە بە دڵمە و بوارێکی زیندووە، ئەگەرچی داپیرەشم، بەڵام لام ئاساییە ئەو کارە بکەم.

# وڵاتی پەپوولە ڕووناکیدەرەکان

هەموومان خەون بە وڵاتی خۆمانەوە دەبینین، کە شوێنێکە تیایدا چەندین نەتەوە بە یەکەوە و بە برایەتی و ئاشتی دەژین، هەمووانیش ئامادەن پارێزگاری لەو وڵاتەیان بکەن، وڵاتی پەپوولەکانیش وەك هەر وڵاتێکی دیکە بریتییە لە باخچەیەکی گشتی لە ویلایەتی (سیلانگۆر) لە وڵاتی مالیزیا، دەکەوێتە نزیك ڕووباری (کلانج) و بە دووری (٦٠) کیلۆمەتر لە شاری کوالالمبۆر، ئەو باخچەیە هاوشێوەی دارستەکانی ناوەڕاستە، کە نزیکەی (١٥٠٠٠) دار و درەخت تیایدا ڕوواوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو شوێنەدا، زیاتر لە (٦٠٠٠) پەپوولەی ڕووناکیدەر کۆدەبنەوە، شەوانەش بە ڕووناکی جەستە ناسکەکانیان ئەو شوێنە دەڕازێننەوە، وەك ئەوەی وڵاتێکی بە کارەبا و گلۆپی زینۆن و لید ڕووناك کرابێتەوە، هەر لە دوای خۆرئاوابوونەوە، گیاندارە بچووکە ڕووناکیدەرەکان، خۆیان دادەگیرسێنن و تەواوی باخچەکە ڕووناك و ڕازاوە دەکەن. ئەوەی زیاتر سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، ئەوەیە کاتێك ڕووناکییەك هەبێ، یان فلاشی مۆبایلەکەت لەو شوێنە داگیرسێنیت، گیاندارەکان ڕووناکییەکانیان دەکوژێننەوەو تا ڕووناکی هەبێت خۆیان داناگیرسێنن.







# گیاندارانیش حەز بە وێنەی سێڵفی دەکەن

وێنەی سێڵفی، ساڵانێکە دەرکەوتووە، کە زوومی مۆبایل، یان کامێراکەت لە خۆت دەکەیت و وێنەیەك دەگرێت، لەو کاتەی ئەو جۆرە وێنەیە دەگیرێت، کە بتەوێت وێنەیەکی خۆت بگریت و کەسیشت لەلا نەبێت، ئەوەش ئێستا بۆتە نەریتێکی باو، زۆربەی خەڵك پێوەی سەرقاڵن، نەوەك هەر مرۆڤ، بەڵکو گەیشتە گیاندارانیش، ئەو ورچە پاندایەش حەزی بە وێنەی سێڵفییە، ئەوەتا لەگەڵ زۆربەی خەڵك وێنە دەگرێت و فێری وێنەگرتنی وێنەی سێڵفی بووە. ئەو پاندایە، لە باخچەیەکی ئاژەڵانی وڵاتی تایلەند دانراوە، بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر وێنەی لەگەڵدا دەگرێت، ئێستا خۆی داری سێڵفیەکە بە دەستەوە دەگرێت و وێنەیەکیش دەگرێ، ئەو نەریتەی ئەو پاندایە، وایکردووە کە خەڵك و گەشتیاران بەردەوام سەردانی بکەن و وێنەیەکی سێڵفی بە دەستی ئەو گیانلەبەرە لەگەڵیدا بگرن، ئەو پاندایە تەمەنی (١٢) ساڵە و تا ئێستا بە تەنیا لەنێو ئەو باخچەی ئاژەڵانەدا ژیان بەسەر دەبات.

## تابلۆ



**بالكۆنه**

ئێدوارد مانێ، وێنەكێش و ناوداری فەرەنسی لە دایكبووی ساڵی (١٨٣٢)ی شاری پاریسە، دوای ئەوەی دەستی بە كارەكانی كرد، هەنگاوێكی گرنگی لە بواری گواستنەوە لە ریالیزم بۆ خودی و راستەقینە لە بواری وێنە و ئەدەبدا هەبوو، دواتر بیرۆكەكانی لە بواری وێنەكێشاندا دۆزیەوە، ئەو وێنەیەی بە ناوی (بالكۆنە) لە ساڵی (١٨٦٦) كێشاوە، باس لە دانیشتن لە بالكۆنە دەكات، كە مانای بیر كردنەوە و جوانی دەبەخشێ، گرنگی تەواوی بە رەنگ و رووخساری كەسایەتییەكان داوە، وێنەكە زەیتییە و لەسەر كانڤاس چێ كراوە، بە بەرزی (١٧٠) سەنتیمەتر و پانی (١٢٤) سەنتیمەتر، مانێ لە ساڵی (١٨٨٣) لە پاریس كۆچی دوایی كردووە.

## پەند و وتە



نیلسۆن ماندێلا، گەورە و سەرۆكە راستگۆ و یەكسانەكە، لە ساڵی (١٩١٨) لە دایك بووە و لە ساڵی (٢٠١٣) كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی كەوتن دەڵێ: گەورە و ژیری ئەوەیە، كاتێك لە هەر كار و هەنگاوێكدا دەكەویت، نەرووخێیت بەڵكو هەستیتەوە، نەوەك تەنیا جارێك، بەڵكو سەدان جاریش كەوتی، هەڵسەوە.

## فۆتۆگراف



وێنەیەكی سەرنجراكێشی وێنەگری سویدی (ئاسا جێسترۆم)ە، لە ساڵی (١٩٧٦) لەدایك بووە، سەرەتای كارەكانی لە بواری (دیكیۆمێنتی كۆمەڵایەتی) دەستی پێكردووە، پاشان گرنگی بە مندال و ئافرەت داوە، ئەو وێنەیەی باس لە دوو مندالّ دەكات، كە یەكێكیان بە خۆ بەزل زانینەوە لە بن گوێچكەی هاوڕێكەی دەچرپێت، وێنەكە بە كامێرای كانون EOS 5D گیراوە، بە خێرایی شەتەری (1/250) و هەروەها (F-stop-1.4) و (Focal Length – 35.0mm) و(ISO-400 ) گیراوە.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵی خۆت بۆ راپەڕاندنی كارەكانت زیاتر بكەو گوێ لە كەسانی دیكە مەگرە. كەسێكی زیرەك و لێهاتووی، متمانەت بە خۆت هەبێت و سەردەكەویت. باشترە كەمێك خۆت دووربكەیتەوە لە دەوروبەرت و خۆیشت لە كاروباری خەڵك هەڵنەقورتێنی، ئەگینا زیانت پێ دەگات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كەسێكی زیرەك و چاوكراوەی، بەڵام هەندێ جار هەڵەی وا دەكەیت كە تووشی شۆك دەبیت، ئەم ماوەیە بەختت باش دەبێت و سەبارەت بە هەندێك پرۆژە راوێژت پێ دەكرێت، ئەوە باری داراییت باشتر دەكات و هەواڵی دڵخۆشكەریش دەبیستیت و خەمەكانت سووك دەبن.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

بڕیاری ژیانت مەدە دەست كەسانی دیكەوە، خەمی داهاتووت نەبێت. تۆ كەسێكی دڵ گەورە و شایستەی باشتری. ئاگاداری هەڵسوكەتت بە، چونكە لەم یەك دوو رۆژە هەست بە ماندووبوون و هیلاكی دەكەیت و باری دەروونیت ئاڵۆزتر دەبێت، بەڵام ئەوە شتێكی كاتییە و بەسەریدا زاڵ دەبیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


زۆر كەس هەن كە لە ئاستی تۆدا نین، بۆیە رێگە مەدە تەداخولی ژیانت بكەن. ئەو ماوەیە تووشی كێشە دەبیتەوە. ئاگاداربە رووداوێكی گرنگ كاریگەری لەسەرت دەبێت و وات لێدەكات شەڕ لەگەڵ خۆیشت بكەیت، بۆیە پێویستت بەهێمنی زیاتر هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

كەسێك چاودێریت دەكات و دەبێتە هۆی نانەوەی كێشە بۆت، بە هۆی هەڵسوكەوتی چەند كەسێكی نزیكتن هەست بە نارەحەتی دەكەیت، یاخود ناكۆكییەك لە ژیانت سەر هەڵدەدات. بۆیە پێویستە زیاتر گرنگی بە خۆت بدەیت و مەهێڵە بڕیارەكانت جێگەی ناخۆشی و خەم بێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خەریكی چەندین پرۆژە و كاری، بەڵام زۆرەبەیان بۆت ناچێتە سەر، بەڵام لە ماوەی داهاتوو چارەسەری كێشەكانت دەكەیت. ئاگاداربە لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت بە نەرمی مامەڵە بكە. فشار و پاڵە پەستۆت لەسەر زیاد دەبێت، پێویستە هەڵسوكەتت هێمن و لەسەرخۆ بێت.



## فێلکاری وێنە

لەم وێنەیەدا، دەرچەیەك دیارە، هەوڵدە ڕوونی بکەیتەوە کە دەڵاقەکە لە خوارەوەیە و لە سەرەوە وێنەی گیراوە، یان لە سەرەوەیە و لە خوارەوە وێنەی گیراوە !



## نوکتە

جارێکیان یەکێك گوللەی بە سەر دەکەوێت و دەمرێت، خەڵکیش لێی کۆ دەبنەوە و یەکێك لە نێو خەڵکەکە دەڵێ: باش نەبوو گولەکە بە چاوی نەکەوتووە، ئەگینا کوێری دەکرد !

## شاجوانی کار و پیشە !



لە نێو ئافرەتانی خاوەن کار و پیشەدا، هەندێ جار شاجوان و بووکە شووشەیان لێ دەردەچێ، بەهۆی جوانی و ناسکی لەش و لاریانەوە دەبنە جێگەی سەرنجی هەموان، هاوشێوەی ئەو کچە پیشەوەرەی لە بواری کاربادا کار دەکات، شێوەی ڕووخسار و لەش و لاری هێندە ناسك و جوانە شایستەی ئەوەیە بکرێتە شاجوانێك یان ئەکتەر و کارێکتەری بواری فیلم، ئەو کچە ناوی (بیکسی فۆکس)ە و تەمەنی (٢٧) ساڵە، خۆی دەڵێ: لە منداڵییەوە گرنگی بە شێوە و جەستە و جوانیم دەدەم، هەمیشە لە کاتی کار و پیشەشدا خەریکی خۆم دەبم، زۆربەی هاوڕییان و کەسانی دەوروبەر بە کەسایەتییەکانی نێو فیلم و شاجوانان بانگم دەکەن، جگە لەوەی چەند نەشتەرگەرییەکی جوانکاریشم کردووە، بەڵام جوانیم زیاتر سروشتییە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی دڵگەورەو زیرەکی و زیاتر بیر لە کارەکانت بکەوە. ماوەی داهاتووت هەندێ ئاڵۆز دەبێت، بەڵام دواتر خۆشی ڕووت تێدەکات، دڵت زۆر ناسکە بە یەك وشەی ناخۆش پەست و خەمبار دەبیت، هەوڵبدە مێشکت کراوە بێت، چەند کێشەیەك دەورتی داوە، بەڵام ئارام بە، چارەسەری ئاسانە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی نزیکت هەستی بۆت هەیە، بەڵام کەشەکە ڕێگە نادات لە یەکتر نزیك بن، ڕێگەی بدە ماوەیەك لەگەڵت بێت تا لە مەرامەکانی دەگەیت، کات لەبارە بۆ بەستنی پەیوەندی هاوڕێتی و ئیش و کارت، بۆیە ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە، بەخت بەشێوەیەکی چاك یاوەرتە و ئەم هەلە بقۆزەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا لە کێشەو ناخۆشیدان، هەوڵبدە چارەسەری بکەیت و ڕێگەی داهاتووت کراوەتر بێت و متمانەت بە خۆت زیاتر بێت، چەند پێشنیارێکت بۆ دەکرێت کە دەبێتە هۆی شادبوونت، لایەنی سۆزداریشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسایەتیت بەرزە و هەموو شتێك قبووڵ ناکەیت. چاودێری کەسانی دیکە مەکە و لەسەر ژیانی خۆت ڕێگە بگرە، با بڕیارەکانت تاك لایانە بێت، بەهۆی ڕاستگۆیی و سۆزی بێ وێنەتەوە بەسەر چەند کۆسپێکدا زاڵ دەبیتء بۆ ماوەیەکی زۆر بێ گیروگرفت دەبیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێك بیر لە ژیانت دەکەیتەوە، هەست بە خەم و ئازار دەکەیت،، بەڵام لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دڵخۆشی، پێویست ناکات ئەوەندە دوودڵ بیت. ماوەیەکە زۆر لەخۆباییت، بۆیە کەسانێك بەرەنگارت دەبنەوە، دان بەخۆتدا بگرە، چونکە لەاونەیە تووشی بێزاربوون بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خەریکی ژیانی کەسانی دیکە مەبە، ڕۆژانەی ژیانت بە خۆشی بەڕێ بکەو ڕێگە بە کەسانێك مەدە کە ببنە هۆی کێشە بۆت، ئەم ماوەیە ژیانی هەست و دڵت زۆر باشە و بەخت تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵتە، بواری خۆشەویستیشت لەو پەڕی باشیدایە، بەڵام واز لە خەیاڵ بێنە.